# دەقئاوێزان لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە"دا


**ابراهیم محمد ابراهیم[1] - زانیار زیاد ابراهیم[2]**

[1+2]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە هەرێمی کوردستان، عێراق.



## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**دەقئاوێزان لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە" دا**)یە. هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمک و زاراوە و گرنگی دەقئاوێزان لە دەقی ئەدەبییدا. بەوەی کە دەقئاوێزان سیما و ئەدگارێکی دیاری دەقە. بەم پێیە هیچ دەقێک جیهانێکی دابڕاو و سەربەخۆ نییە، بەدەر لە دەقەکانی دیکە، بەڵکو هەمو دەقێک لە پەیوەندی دیالیکتیکی دایە لەگەڵ دەقی تر. لەلایەکی دیکەوە کرانەوەی دەرگای دیالۆگیزمە لە نێوان دەقەکاندا. هاوکات دەقئاوێزان ئاستی هۆشیاری و هونەری دەقنوس دەردەخات، بەوەی تا چەند خاوەنی پاشخانێکی هزری و ڕۆشنبیری و فەلسەفییە. **ئامانج لەم توێژینەوەیە** دەرخستن و دیاریکردنی جۆرەکانی دەقئاوێزانە لە شیعرەکانی شاعیردا، بە پێی میکانیزم و یاسا کار پێکراوەکانی دەقئاوێزان لەوانە (جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ). ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرخەری ئەوەن، کە شاعیر سودێکی زۆری لە هزر و ڕۆشنبیری جیهانی و نەتەوەیی وەرگرتوە. لەم ڕوانگەیەوە چەندین جۆری دەقئاوێزان لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، لە وێنەی دەقئاوێزانی (خودی، مێژوی، کەلتوری، لەگەڵ شیعری شاعیران، ئایینی) بە جۆرێک لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی دەقی شیعری تازە و زیندو بهۆنێتەوە و جیهانی شیعری خۆی هەروەتر بەرێت.



**کلیلە وشەکان:** دەقئاوێزان، دەقی ئەدەبی، یاساکانی دەقئاوێزان، جۆرەکانی دەقئاوێزان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper20
**Received:** 02-May-2022
**Accepted:** 18-Sep-2022
**Published:** 29-Sep-2023


**Corresponding Author's E-mail:**
ibrahim.mohammed@uor.edu.krd
zanyar.zyad@uor.edu.krd


This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دوابەدوای ئەوەی کە دەقی ئەدەبی لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا، بە تایبەت لە سەردەمی پێکهاتەخوازەکاندا مشتومڕی زۆری لەسەر هاتەکایەوە و بوە جێگەی پرسیار و مژاری جیاوازی ڕەخنەگران، بە دیاریکراوی ئەوانەی، کە ناکۆکبون لەگەڵ بیروبۆچونی پێکهاتەخوازەکاندا، چونکە ڕەخنەگرانی پێکهاتەخواز پێیانوابو دەقی ئەدەبی بونیادێکی سەربەخۆ و داخراوە بەسەر خۆیدا و هەمو هۆکارێکی دەرەوەی دەقییان ڕەتدەکردەوە. لەمەوە ڕەخنەگران چەندین پرسیاریان لەلا گەڵاڵە بو. کە ئاخۆ دەشێت دەقی ئەدەبی داهێنراوێکی سەربەخۆی بێ گیان و جوڵە بێت؟ یاخود دەشێت دەقی ئەدەبی بەبێ هیچ سەرچاوە و ڕۆشنبیرییەکی تر بەرهەمهاتبێت؟ یاخود ئایا دەق لە هیچەوە دروستبوە و هەموی خەیاڵ و ئەندێشەی نوسەرە و پەنجەمۆری هیچ دەق و ڕۆشنبیرییەکی دیکە بەسەرەوە نییە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە، وای لە بیرمەند و ڕەخنەگران کرد، بێنەگۆ و گۆمی مەنگی پێکهاتەخوازەکان بشڵەقێنن و بڵێن دەق ئەو جەستە بێ گیانە نییە، کە ئێوە لێی دەڕوانن و نوسەر و پەیامەکەی کەنارگیردەکەن. بەڵکو دەق هەمیشە لەسەر بنەمای سودوەرگرتن و ئاوێزانبون لەگەڵ بیروبۆچونی چەندین دەقی تردا بینا دەکرێت. هەروەکو (د. ئەنوەر قادر جاف) دەڵێت: "هیچ دەقێکی ئەدەبی دیاردەیەکی لاچەپ و کەنارگیر نییە، بەڵکو مۆزایکی دەق پێکدێنێ" (محمد، ٢٠٠٦: ١٠). بەم پێیە دەقی ئەدەبی دەنگ و ڕەنگی جیاوازی هەیە، وەک کۆلکە زێڕینە دەردەکەوێت، هەناسە و تانوپۆی چەندین دەقی تر هەڵدەمژێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دەق لە هیچەوە ڕەنگرێژ نابێت، بەڵکو ڕوبارێکە چەندین سەرچاوە و کانیاو دەڕژێنە ناوی. بەو واتایەی هیچ نوسەر و شاعیرێک ناتوانێت خۆی لە کاریگەری بەرهەم و دەقی کەسانیتر بە دوربگرێت.

لەم سۆنگەیەوە دەقئاوێزان وەک چەمکێکی ڕەخنەی هاوچەرخ و بنەمایەکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقی ئەدەبی و ئاوێزانکردنی بە بیر و بۆچونە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتریدا، بە دیاریکراوی لە دوای پێکهاتەخوازییەوە سەری هەڵداوە و لە دامێنی ئەوەوە لەدایکبو. بە پێچەوانەوە پێکهاتەخوازەکانەوە پێشەنگەکانی دەقئاوێزان جەختیان لە کراوەیی دەق بە ڕوی دەقی دیکەدا دەکردەوە. پێیانوابو هیچ دەقێک لەخۆوە دروستنەبوە، بەڵکو لە ئەنجامی ئاوێتەبون و بەیەکداچونی لەگەڵ دەقەکانی پێشخۆی و سەردەمی خۆی بەشێوە و فۆرمێکی جیاوازتر دروستبوە. واتە هەمو کارێکی ئەدەبی لە پەیوەندییەکی دیالیکتیکی و پێکەوەگرێدراو دایە لەگەڵ سەرچاوە و دەقی تردا. لەمەوە دەردەکەوێت کە دەقئاوێزان هەمو بەرهەمێکی تاک دەنگ و تاک دەلالەت ڕەتدەکاتەوە، بڕوای بە فرەدەنگی و فرەکۆدی و فرەدەلالەتی هەیە. بۆیە لە سۆنگەی گرنگی دەقئاوێزان، وەک چەمکێکی ڕەخنەیی و سیمایەکی دیاری دەق، ئەم توێژینەوەیەمان لە ژێر ناونیشانی (**دەقئاوێزان لە شیعرەکانی "قوبادی جەلیزادە"**دا) بە ئەنجام گەیاندوە، چونکە (قوباد) وەک شاعیرێک لەناو ئەدەبی نەتەوەییماندا، بە شیعرەکانی توانیویەتی وەرچەخانێکی نوێ لە ڕەوتی شیعری هاوچەرخی کوردیدا دروست بکات. شاعیر لە ڕێگای یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزانەوە بەرهەمی شیعری هاوچەرخی دەوڵەمەند و کراوەتر کردوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** دەقئاوێزان وەک ئەدگارێکی دیاری دەق پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە، چونکە بەشێک لە خوێنەران بە هۆکاری لاوازی دەق و دزی ئەدەبی پێناسەی دەکەن، لە کاتێکدا دەقئاوێزان پەیوەستە بە دنیابینی و ئاگایی شاعیران.

**دوەم:** (قوبادی جەلیزادە) یەکێکە لەو شاعیرانەی بە شێوەیەکی زۆر دەقئاوێزان لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت. لەم ڕێگەیەشەوە جیهانی شیعری خۆی زیاتر دەوڵەمەند کردوە. تاکو ئێستاش لەم ڕوانگەیەوە لا لە شیعرەکانی نەکراوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ڕۆشنایی دەقئاوێزان و یاسا و میکانیزمەکانی بە ئەنجام گەیەنراوە، سەرەتا بەشێوەیەکی تیۆری چەمکەکانمان ڕونکردۆتەوە و دواتریش دەقەکانمان لە چوارچێوەی بنەما و جۆرەکانی دەقئاوێزاندا ڕاڤەکردون.

## دەروازەیەکی تیۆری لەبارەی دەقئاوێزانەوە

### ١-١: چەمک و زاراوە و پێناسەی دەقئاوێزان:

دەقئاوێزان وەک چەمکێکی ڕەخنەیی مێژوەکەی بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردو دەگەڕێتەوە. کاتێک وەک پەرچەکردارێک لە دژی پێکهاتەخوازی دەرکەوت، چونکە دەقئاوێزان جەخت لەسەر کراوەیی دەقی ئەدەبی بەڕوی دەقی تردا دەکاتەوە، بەوەی کە دەقە تێکەڵاو و ئاوێتەی چەندین دەقی ترە. لێرەدا پێچەوانە و دژی پێکهاتەخوازییە، کە ئەوان جەختییان لەسەر داخراوی دەق دەکرد، بە بیانوی ئەوەی دەق لەسەر خودی خۆی وەستاوە، وەک تەنێکی زمانەوانی قوفڵدراو و دابڕاو لە هەر هزر و دەقێکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. لەلایەکی دیکەوە دەقئاوێزان لە هەناوی پێکهاتەخوازییەوە لە دایکبوە، بەوەی ڕابەر و پێشەنگەکانی هەمان ئەو ڕابەر و پێشەنگانەن، کە لە پێکهاتەخوازیدا دەستێکی باڵایان هەبوە، لەوانە (ڕۆلاند بارت و تۆدۆرۆڤ و ژولیا کریستیڤا)، بۆنمونە (تۆدۆرۆڤ) پێیوایە ئەوە وڕێنەیە ئەگەر باوەڕمان وابێت، کە دەق بونێکی سەربەخۆی هەیە، چونکە لە کاری ئەدەبیدا ئەوە ڕون و ئاشکرایە، کە هەمو دەقێک لێوڕێژە دەقە ئەدەبییەکانی ڕابردو، هەروەها هەمو بەرهەمێکی هونەری لە ناوەڕۆکدا لە پەیوەندییەکی پێکەوەگرێدراو دایە بەپێی قۆناغەکانی مێژو لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشخۆی (لمرتجی، ١٩٨٧: ٤٥).

ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە زمانی فەرەنسیدا دەرکەوتوە، لای نوسەرانی فەرەنسی لە دەستپێکدا وشەکە وەک چەمکێکی ڕەخنەیی بونی نەبوە، تەنها لەڕوی زاراوەییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە (بایز، ٢٠١٣: ٣٢). بەڵام بەشێکی زۆری توێژەر و ڕەخنەگران لە ئەوروپا و وڵاتانی عەرەبییدا لەسەر ئەوە کۆکن، کە سەرەتاکانی پەیدابون و چەکەرەکردنی چەمکی دەقئاوێزان بۆ بیروڕا ڕەخنەیی و فەلسەفییەکانی (میکایل باختین) دەگەڕێتەوە. بەتایبەت لە کتێبی (مارکسییەت و فەلسەفەی زمان)دا بۆ یەکەمجار لەڕوی تیۆرییەوە باسی بونیاتی تێکەڵاوی لە نێوان دەقە ئەدەبییەکان کردوە. لەو کاتەی جەختی لە سەر بنەمای دیالۆگیزم لە نێوان دەقەکاندا دەکرد، بەوەی دەقی لاساییکردنەوە و لەخۆگرتنی دەقی پێش خۆیەتی (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ١٧٢– ١٧٣). هەرچەندە توێژەرانی ئەم بوارە هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە چەمک و تایبەتمەندییەکانی دەقئاوێزان بخەنەڕو، بە

جۆرێک هەریەکەو لە گۆشەنیگای خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ ئەم چەمکە کردوە، هەندێکیان وەکو گوتارناسی، هەندێکی دیکە وەک (سۆسیۆ- زمانی)، هەندێکیش وەکو بنیاتخواز و سیمۆلۆژیا و بەشێکی تریشیان لە ڕوانگەی شیعریەتەوە خوێندنەوەیان بۆ ئەم چەمکە هەبوە (ئەلۆەنی: ٢٠١٢: ٤٦). بەڵام لە ڕاستیدا دەرکەوتنی ئەم چەمکە لای (باختین) بە جۆرێکی تر بوە، ئەو تەنها پەیوەستی کردوە بە ژانری ڕۆمانەوە و نەپرژاوەتە سەر ژانرەکانی تری ئەدەب بەتایبەت شیعر، ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە شیعر ئاڵۆزتر و تەمومژاویترە بە بەراورد بە ژانرەکانیتر (مناصرە، ٢٠٠٦: ١٤٢). بۆیە دەکرێت بگوترێت (باختین) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناونیشانی (دیالۆگ) لە نوسینەکانیدا، پێش دەرکەوتنی چەمکی دەقئاوێزان خوێندنەوەی بۆ ئەم چەمکە کردوە، هەروەکو لەو بارەیەوە دەڵێت: "نوسەر کاتێک سەرکەوتو دەبێت، کە خۆی بە وشەی کەسانی دیکە دەوڵەمەندکردبێ و لە ڕێگای ئەو وشانەوە زیاتر دەتوانێت گوزارشت لە هزری خۆی بکات" (محمود، ٢٠١٢: ٣٦-٣٧).

دوای ئەو بۆ یەکەمجار (ژولیا کریستیڤا) لە ساڵی (١٩٦٦) کە زۆر بە بیرۆکەی (دیالۆگ)ی (باختین) کاریگەبوە، دەقئاوێزانی وەک چەمکێکی ڕەخنەیی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بەکارهێناوە. کاتێک چەند لێکۆڵینەوەیەکی لە ساڵانی (١٩٦٦-١٩٦٧) لە هەر دو گۆڤاری (Tel quell) و (Critic) بڵاوکردەوە و دواتریش ئەو تویژینەوانەی لە کتێبی (سیمیۆتیکا-Semiotiques) و (دەقی ڕۆمان – Le texte du romani) بە چاپ گەیاند. (بایز: ٢٠١٣: ٣٢). پاشان ئەم چەمکە زو تەشەنەی کرد، لەناو ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی ئەوروپادا بڵاوبویەوە. لە سەرەتای حەفتاکاندا سنوری ئەوروپای بەزاند و گەیشتە ئەمریکا. ئەوەبو گۆڤاری (پۆیتیکا) لە ساڵی (١٩٧٦)دا ژمارەیەکی تایبەت بە دەقئاوێزانی بڵاوکردەوە. سێ ساڵ دواتر واتە بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٧٩)دا (کۆڕبەندی جیهانی لەبارەی دەقئاوێزان) بە سەرپەرشتی (ڕیڤارتێر) لە زانکۆی (کۆلومبیا) بەسترا. کە دواتر کارەکانیان لە گۆڤاری (ئەدەبی) لە ساڵی (١٩٨١)دا بڵاوکردەوە (عزام، ٢٠٠١: ٣٠). بەم شێوەیە ئەم چەمکە سنوری ئەدەبیاتی ئەوروپی بەزاند و لەناو ئەدەبیاتی گەلانی دیکەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت دەقئاوێزان مێژوییەکی دێرینی نییە. (کریستیڤا) وا لێکدانەوەی بۆ کردوە، کە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و داینامیکی نێوان دەق و ژمارەیەک دەقی تر دایە. پێیوایە هیچ دەقێک لە دیالۆگ بەدەر نییە (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ١٦٨). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەو لە لێکدانەوەی بۆ دەقئاوێزان نەیتوانیوە خۆی لە کاریگەری (باختین) بەدوربگرێت. هاوکات ئەو پێیوایە، کە دەقئاوێزان یەکێکە لە سیما بنەڕەتییەکانی هەمو دەقێک، بەو پێیەی دەق دەچێتەوە سەر چەندین دەقی دیکەی کۆمەڵایەتی و مێژویی پێش خۆی یان سەردەمی خۆی، هیچ دەقێک لە سفرەوە دەست پێناکات. بەپێی ئەم بۆچونە بێت هەمو دەقەکان متروبە و ئاوێزانی یەکترن و هیچ دەقێک لە خۆوە دروست نەبوە. هەورەها (میشێل فۆکۆ)ش هەمان بۆچونی (کریستیڤا)ی هەیە. پێیوایە هیچ گوزارشتێک نییە گومانی گوزارشتێکی دیکەی لێنەکرێت، هیچ گوتارێک نییە گوتارێکی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێت، لەبەرئەوە دەڵێت هیچ شتێک لە خودی خۆیەوە لە دایک نابێت (ئەسوەد:٢٠١٥، ١٨٩). هەروەها (ڕۆلان بارت) یەکێکە بو لەو ڕەخنەگرانی لە ژێر کاریگەری (ژولیا کریستیڤا) چەمکی دەقئاوێزانی بەکارهێناوە و بیروبۆچونی خۆی لەبارەیەوە دەربڕیوە. پێیوایە هەمو دەقێک بریتییە لە

تێکەڵاوی و ئاوڕدانەوە لە دەقی دیکە بە چەند شێواز و ئاستێکی جیاواز، بەو واتایەی گشت دەقێک ئاوێتەیەکە لەگەڵ کەلتوری ئێستا و ڕابردو، بە جۆرێک دەق شتێکی ئەو تۆ نییە جگە لە چێنراوێکی نوێی وەرگرتنەکانی پێشو (بارت، ٢٠١١: ٤٢). بەم پێیە دەکرێت بگوترێت هەمو دەقێک لەسەر بنەمای دەقی پێش خۆی، یاخود هاوچەرخی خۆی بینادەکرێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە جێ پەنچەی نوسەری تێدا نەبێت یان دوربێت لە داهێنانی نوسەر و کۆپی دەقی پێش خۆی بێت. بەڵکو نوسەر لە ڕێگەی پشت بەستن بە یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان مامەڵە لەگەڵ دەقەکانی تردا دەکات، وەک (وەرگرتن، دوبارەکردنەوە، تێکهەڵکێش...) بە بەکارهێنانی شێواز و هەستی تایبەتی خۆی دەقەکە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی تازە، جا ڕەنگە پێچەوانەی دەقی پێشخۆی بێت، یاخود پاڵپشت و هاوتەریب لەگەڵ ئەو درێژە بە ڕەوتی ڕوداوەکە بدات.

یەکێکی دیکە لە هەوڵە دیارەکان دەربارەی دەقئاوێزان، هەوڵەکانی (جیراد جینێت) بو، (کە گەشەی بە چەمکەکەدا، بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٨٢) دا، کە زاراوەی (باڵابون) یان (تێپەڕاندنی دەق)ی بەکارهێنا، تا جێگەی دەقئاوێزان لای (کریستیڤا) بگرێتەوە، بەو مانایەی کە خۆی دەڵێت: ئێستا دەقم بەلاوە گرنگە لە روی باڵابونی دەقییەوە، هەر لەبەرئەوەیە، ئەو ئاماژە (باڵابونی دەق) دەکات، لە جیاتی دەقئاوێزان؛ بۆیە ئەم چەمکە لای ئەو دەچێتە ناو سنوری باڵابونی دەقەوە بەڵام هەمان ڕای (کریستیڤا)ی هەیە، کە پێیوایە دەق پەیوەندی لەگەڵ دەقی تردا پەیدادەکات، جا بە ئاشکرایی بێت، یاخود بە شاراوەیی) (عەزیز:٢٠١٩: ١٣). کەواتە دەقئاوێزان لە دیدی (جینێت) نەک شتێکی وەرگیراو نییە، بەڵکو ئەوپەڕی ئاست تێدەپەڕێنێت، کە باڵابون و تێپەڕاندنی دەقەکانی دیکەیە، چونکە پێیوایە کاتێک نوسەرێک بە ئاستی باڵابون دەگات، کە ڕۆشنبیرییەکی زۆری هەبێت و خوێنەرێکی بەتوانا و سەرکەوتوبێت و ئاستی ئاگایی لە ئاستێکی بەرز دابێت.

لە ڕوی زاراوەییەوە، ڕەگ و ریشەی زاراوەکە سەرەتا بۆ زمانی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە، کە زاراوەی (intertextualite) بۆ دانراوە. لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (intertextuality) بۆ بەکاردەهێنرێت، کە لە زاراوە فەرەنسییەکەوە وەرگیراوە (الزعبی، ١٩٩٥: ٩). لە زمانی عەرەبیشدا سەرەڕای بونی چەند زاراوەیەک لەبەرانبەر دەقئاوێزان، وەک (التناص، التناصیە، النص الغائب، تداخل النصوص...هتد)، بەڵام زاراوەی (التناص) زیاتر لە ناو ڕەخنەی عەرەبییدا بەکاردێت (مفتاح، ١٩٨٥: ١١٩). و لەزمانی فارسیشدا چەند زاراوەیەکی بۆ بەکاردەهێنن، وەک (امیختن) بە واتای تێکەڵکردن، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی فارسیدا زاراوەی (بینامەتنی)ی بۆ دەقئاوێزان بەکاردەهێنن (بغدادی، ١٣٧٨: ١١٢). هەروەها لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، تا دوای ڕاپەڕین زاراوەی دەقئاوێزان بەرچاوناکەوێت، هەر زاراوەی بەراوردی ئەدەبی یان دزی ئەدەبی بەکارهاتوە. بەڵام لە سەرەتای دو هەزارەکانەوە ئەم زاراوەیە، کەوتە بەدیدەی خوێنەران، کە بەرامبەر زاراوەی (التناص)ی عەرەبییە.

لە بابەت بە پێناسەی دەقئاوێزانەوە، چەندین پێناسەی جۆراوجۆرمان بەرچاو دەکەوێت. لێرەوە هەوڵدەدەین هەندیک لە پێناسەکانی بخەینەڕو، کە ڕەخنەگر و توێژەرانی ئەم بوارە لە بارەیەوە پێشکەشیانکردوە، بۆ نمونە (لیتش – Leitch) پێیوایە دەق خودێکی سەربەخۆ و ماددەیەکی یەکگرتو نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕە لەگەڵ دەقی تردا... هەروەها لە ڕوانگەی ئەو دەق بریتییە لە تۆڕێکی وەرگرتن لە ڕێگەی هەست و

نەستەوە (عزام، ٢٠٠١: ٣٠). (ژولیا كریستیڤا) خاوەن و داهێنەری ئەم چەمكە بەم شێوەیە پێناسەی دەكات و دەڵێت: "هەمو دەقێک تابلۆیەكی ڕەنگاوڕەنگە لە وەرگرتن و خواردنەوە و گۆڕینی دەقی تردا" (الغذامي، ١٩٩٨: ٣٢٦). بەم پێیە دەق جیهانێكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو كەلتور و ڕۆشنبیری و دەنگ و ڕەنگی جیاواز لەخۆدەگرێت. (ناتالی بییفی)یش بەم شێوەیە پێناسەی كردوە، دەڵێت:" هەمو نوسینێک دەچێتە چوارچیوەی كارەكانی پێشخۆی و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت خۆی لێ ڕزگار بكات" (بییفی، ٢٠١٢: ١١). بەپێی ئەم بۆچونە هیچ دەقێک ناتوانێت لە بازنەی دەقەكانی پێشخۆی دەربچێت، بەڵكو هەر لە چوارچێوەی ئەو دەقانەدا دەسوڕێتەوە. هەرچی (تۆدۆرۆف) پێیوایە، كە دەقئاوێزان "دیالۆگی دەقە جیاوازەكانە لە ناویەک دەقدا" (شوان: ٢٠١٤: ١٠٦). لەم ڕوانگەیەوە دەقئاوێزان وەک دیالۆگی نێوان دەقەكان دەناسێنرێت، كە (تۆدۆرۆف) بە ئاشكرا لە ژێر كاریگەری بیروبۆچونی (باختین) ئەم پێناسەیەی بۆ دەقئاوێزان كردوە. ئەگەر سەرنج بدەین (لۆران جینی) پێناسەیەكی نوێی بۆ دەقئاوێزان دەكات و دەڵێت: "كارێكە دەقی ناوەند ئەنجامی دەدات بۆ گۆڕینی چەند دەقێک و نواندنی، لەگەڵ پاراستنی پێشەوایەتی واتادا" (ئەلوەنی: ٢٠١٢: ٤٤). لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر ڕۆڵی دەقی ناوەند دەكاتەوە، كە بەكاری دەقئاوێزانەكە هەستاوە، هاوكات ئەركی پاراستنی واتاشی لە ئەستۆ دایە. بەخوێندنەوە و تێگەیشتن لەو پێناسانەی سەرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی، كە هیچ دەقێكی پاک و بێگەرد بونی نییە. بەو واتایەی، كە خاڵی بێت لە وەرگیراوی دەقی دیكە؛ بۆیە دەكرێت بگوترێت هەمو دەقێک تێكەڵە و ئاوێتەیەكە لە دەقەكانی پێشخۆی و سەردەمی خۆی، چونكە ئەگەر ئەم كارلێكە لە نێوان دەقەكاندا نەبێت، ئەوە پرۆسەی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی نوێ و داهێنانی تازە بونی نامێنێت. هەرچەندە دەق لە هزری نوسەرێكەوە سەرهەڵدەدات و پەنجەمۆری ئەوی بەسەرەوە دیارە، بەڵام دەكرێت كاریگەربوبێت بە دەقێک یان بیرۆكەیەک یانیش ڕوداوێک، كە پێشوتر لە چوارچێوەی دەقێكی تردا باسی لێوە كراوە. ئەو كردە ئەدەبییەش بەرمەبنایی ئاستی ڕۆشنبیر و ئاگایی نوسەرە، چونكە هەمو نوسەرێک ناتوانێت لە چوارچێوەی دەقەكەیدا دەقئاوێزان ئەنجامبدات و جیهانی شیعری خۆی دەوڵەمەند بكات.

## ١-٢: یاساكانی دەقئاوێزان:

دەقئاوێزان، وەک هەر كردەیەكی ئەدەبی بۆ برەودان بەدەق و سودوەرگرتن لە دەقی تر لەسەر چەند یاسایەكی تایبەتی بنیاد دەنرێت، كە پەیوەندی دەقی ئامادە بە دەقی شاراوە دیاری دەكات. یاساكانیش بریتیین لە:

١- یاسای جوینەوە (قانون الاجترار).

٢- یاسای هەڵمژین (قانون الامتصاص).

٣- یاسای گفتوگۆ (قانون الحوار).

### ١-٢-١: یاسای جوینەوە (الاجترار):

ئەم یاسایە، ئەو دەقانە دەگرێتەوە، کە تێیدا نوسەر بە شێوەیەکی ئاگاییانە مامەڵە لەگەڵ دەقی تر دەکات. بە جۆرێک، بریتییە لە "دوبارەبونەوەی دەقی نائامادە (بزر) بەبێ گۆڕانکاری و دیالۆگکردن لەگەڵیدا" (محمود: ٢٠١٢: ٨٤). یاخود گۆرانکارییەکی زۆر کەم، کە کار ناکاتە سەر جەوهەری بابەتەکە، ئەمەش بەهۆی بە پیرۆزکردن و ڕێزگرتنی هەندێک لە دەق و سەرچاوەکان، وەک ئاینی و ئەفسانەیی، لە لایەکی ترەوە دەقە تازەکە، وەک دەقێکی دوبارە و کۆپیکراو دەردەکەوێت و دەبێتە پاشکۆ و بەندەی دەقەکانی پێش خۆی، ئەمە دەرخەری کەم توانایی نوسەر و داهێنەرە، کە ناتوانێت فۆرم و ناوەڕۆکی ئەو دەقانە تێپەڕێنێت. بەم هۆیەوە خوێنەر زۆر بە ئاسانی هەست بە دەقە نائامادەکە دەکات و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی ناکات لە دەقە نوێیەکە دا. (عەزیز: ٢٠١٩: ١١٦).

### ١-٢-٢: یاسای هەڵمژین (الامتصاص):

ئەم جۆرە یاسایە پلەیەک لە یاسای جوینەوە بەرزترە، بەوەی مامەڵەکردنی دەق لەگەڵ دەقی نائامادە (بزر) نە وەرگرتنی تەواو جوینەوەیە، نەڕەتکردنەوەی دەقەکەشە بە واتای بنیادنانی گفتوگۆی دەقێکی دیکە، بەڵکو دەقی نوێ لەگەڵ دەقەکانی تردا بە وریایەکی نوێگەرییەوە مامەڵە دەکات و ڕێز لە دەقی پێش خۆی دەگرێت و بە پیرۆزییەوە سەیری دەکات، دەقە نوێکە مافی دەقی پێشخۆی پێشێل ناکات، بەڵکو بە گرنگییەوە لە دەقی سەرچاوەکە دەڕوانێت و هەڵمژینی بە کارێکی پێویست دەزانێت بۆ دوبارە دروستکردنەوەی، وەک دەقێکی تازە (بایز: ٢٠١٣: ١٨٧). بەم پێیە لەم جۆرە داقانەدا توانای نوسەر دەردەکەوێت و سنور و چوارچێوەی دەقە کۆنەکە تێدەپەڕێنێت، جۆرێک لە تازەگەری دێنێتەکایەوە، بە پێچەوانەی یاسای جوینەوە دەق پاشکۆ و دیلی دەقی پێشخۆی نییە.

### ١-٢-٣: یاسای گفتوگۆ (الحوار):

ئەم یاسایە بەرزترین ئاستی دەقئاوێزانە و پەیوەستە بە خوێندنەوەیەکی هۆشیارانەی قوڵ و ئاگایەکی زیرەکانەی داهێنەر، دەقی بەرهەمهاتو تێکەڵاوی بونیادی دەقەکانی پێشو و هاوچەرخی خۆی دەبێت، بە جۆرێک بوار بۆ هیچ پیرۆزییەک لە دەقی نائامادە ناهێڵێتەوە، چونکە بنەما پیرۆزییەکانی دەقەکە بەشێوەی دیالۆگ دەگۆڕێت و هەردو دەقەکە لەگەڵ یەکتردا لە ژێر ڕۆشنایی یاسا هوشیاری و ناهۆشیارییەکاندا کارلێک دەکەن (عزام، ٢٠٠١: ٥٥).

هەریەک لەم یاسایانەی دەقئاوێزان وەرچەرخان لەڕادەی داهێنان و ئاستی نوسەرێتی دەقنوس دروست دەکەن، ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا پەنا بۆ هەر سێ یاسا بەرێت بۆ بنیادنانی دەقێکی تازە، یاخود ڕەنگە یەکێک لەم یاسایانە پەیڕەو بکات. بەڵام ئەوەی گرنگە چۆنیەتی مامەڵەکردنی نوسەرە لەگەڵ پرۆسەکە لەکاتی هۆنینەوەی دەقدا. هەروەها دەقئاوێزان بە هەر یاسایەک ئەنجامبدرێت، ئەوا بەپێی یەکێک لە میکانیزمەکان دەبێت، کە بریتیین لە: ١- کورتکردنەوە و ٢- درێژکردنەوە، ئەم دو میکانیزمەش دابەشی چەند جۆرێک دەبن، هەرچی درێژکردنەوەیە دابەش دەبێت بۆ (دوبارەکردنەوە، تۆپۆگرافی، ڕاڤەکردن، هاوسێیەتی، فراوانکردنی دەق) و

کورتکردنەوەش دابەش دەبێت بەسەر ئەم جۆرانەدا: (ئاماژە، لابردن، کورتکردنەوە، وەرگرتن، تێکهەڵکێش، وەرگێڕان)، بەڵام لە میکانیزمەکانی دەقئاوێزاندا لە درێژکردنەوە و کورتکردنەوەشدا تەنیا چەند جۆرێک کاری پێدەکرێت، کە بریتین لەمانە (کورتکردنەوە، تێکهەڵکێش، وەرگرتن، ئاماژە، ڕاڤەکردن، دوبارەکردنەوە، وەرگێڕان (عەزیز: ٢٠١٩: ١١٧). بە واتایەکی تر هەر یەک لەم میکانیزمانە یان هونەرانە دەچنە ناو چوارچێوەی دەقئاوێزانەوە، نوسەر لە ڕێگەیانەوە ئاستی هونەری خۆی دەردەخات.

## ١-٣: دەقئاوێزان لە نێوان داهێنان و ڕەخنەدا:

دەقئاوێزان وەک کردەیەکی ئەدەبی کاریگەری زۆری لەسەر بنیاد و جوانکاری دەقی ئەدەبی هەیە. هاوکات ڕەگ و ڕیشەی لە قوڵایی مێژو دایە، بە جۆرێک لە سۆنگەی دەقئاوێزانەوە گەشت بەناو قوژبنەکانی مێژودا دەکرێت و خوێندنەوەی تازە بە دید و بیری نوێوە دێتەکایەوە، بەمەش دەتوانرێت تایبەتمەندنی خاوەنەکەی لە گوزارشتکردن لە بۆچونەکانی ڕونبکرێتەوە، بەوەی بزانرێت تا چ ئاستێک خاوەن ڕەهەندی خودی و شارستانییەتی و مرۆڤایەتییە (بەرزنجی، ٢٠٢٠: ١٧٨-١٧٩). هەروەها دەقئاوێزان فاکتەرێکە لە ڕێگەیەوە دەقی ئەدەبی و نوسەر دەست ئاوەڵا دەکات بۆ هەڵمژینی سەرچاوە و ڕۆشنبیری هەمەچەشن، پردێکە زەمەنە جیاوازەکان کورت دەکاتەوە و بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. بە جۆرێکی هونەری و بەرز کەوشەنی ئەدەبی نەتەوە و لۆکاڵی تێدەپەڕێنێت. لەلایەکی دیکەوە دەقئاوێزان ڕۆڵ و پێگەی خوێنەر لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبیدا، کە پێشتر فەرامۆشکرابو بەرز دەنرخێنێت، هەر بە تەنها نوسەر خاوەن دەسەڵاتی ڕەها نییە، بەڵکو خوێنەر وەک هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی نوسەر سەیر دەکات. بەمەش خوێنەر ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە پرۆسەی خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی واتادا.

دەکرێت لێرەدا بە کورتی بە چەند خاڵێک تیشک بخەینە سەر ڕۆڵ و گرنگی دەقئاوێزان لە دەقی ئەدەبیدا، لەوانە:

**یەکەم:** کرانەوەی دەق بەڕوی تەواوی مەعریفە و زانیاری مرۆیی و هەمەلایەنەی دەلالەتەکانی دەق.

**دوەم:** بەرجەستەکردنی تواناکانی نوسەر و خوێنەر وەک یەک، کە خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیری و مێژویین.

**سێیەم:** کارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی کرداری پەیوەندیکردن و نەهێشتن و لابردنی هەمو سنورێک لە نێوان ڕۆشنبیری و شارستانێتییەکاندا.

**چوارەم:** یارمەتیدەری نوسەرە لە بەرجەستەکردن و بەستنەوەی سۆز و بیرەکانی بە ڕوداوەکانی ڕابردو و ئێستا و هەروەها چاودێریکردنی داهاتویش.

**پێنجەم:** دەقئاوێزان گرنگە بۆ گوزارشتکردن لە جیاکردنەوە و یەکلاییکردنەوە لە ئەنجامی هێنانی دەقێکی ئەدەبی کۆن بە بنیادی زمانی تایبەت (محمود: ٢٠١٢: ٧٧-٧٨).

سەبارەت بەو ڕەخنانەی، کە ئاراستەی دەقئاوێزان دەکرێن. ئاشکرایە وەک زۆربەی بابەتەکانی دیکەی زانستەمرۆڤایەتییەکان و ڕەخنەی ئەدەبی، دەقئاوێزانیش لە ڕەخنە و کەموکورتی بەدەر نییە؛ بۆیە دوچاری هەندێک ڕەخنە دەبێتەوە، کە لەلایەن ڕەخنەگر و توێژەرانەوە ئاراستەی دەکرێن. لەوانە:

**یەکەم:** کارتێکردنی لەسەر داهێنانی تاک دەبێت، بەوەی هەمو دەقێک دەبەستێتەوە بە دەقەکانی ترەوە.

**دوەم:** مێژوگەرایی ڕەتدەکاتەوە، بەوەی دەق بۆ چەند سەرچاوەیەکی پێشوتر دەگەڕێنێتەوە.
**سێیەم:** تایبەتمەندی سەردەم و کاریگەری واقیعی کۆمەڵایەتی نادیدە دەگرێت. (الزواهره، ٢٠١٣: ٢٢)
**چوارەم:** سەنگ و قورسایی ئەو بەهایە ڕەتدەکاتەوە، کە لە دەقی ئەدەبیدا بونی هەیە (ئەسوەد: ٢٠١١: ٨٣).

## دەقئاوێزان لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادە دا:

دوای خوێندنەوەی و سەرنجدان لە دەقەکانی شاعیر دەبینین ڕێژەی دەقئاوێزان بە چەندین شێوازی هەمەچەشن لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. بەمەش توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە ڕەوتی شیعری خۆی زیاتر پەرەپێبدات. کاتێک خوێنەر دەقە شیعرییەکانی دەخوێنێتەوە زو درک بەوە دەکات شاعیر لێهاتوانە سودی لە کۆمەڵێک هزر و سەرچاوەی ڕۆشنبیری تر وەرگرتوە و مامەڵەی هونەری لەگەڵدا کردون. لە ژێر تیشکی ئەوەدا ئەرکی ئێمە دەستنیشانکردنی جۆری دەقئاوێزانەکانە لە شیعرەکانی شاعیردا، بەپێی یاسا و میکانیزمەکانی دەقئاوێزان. لەپاڵ ئەوەشدا مەبەستمان دەرخستنی ئاستی سەرکەوتویی شاعیرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو سەرچاوانە و چۆنیەتی توانەوەیان لە دەقەکانیدا و بەرهەمهێنانی دەقێکی تازە و جیاواز لای خوێنەر. لێرەوە لەسەر جۆرەکانی دەقئاوێزان لای شاعیر دەوەستین و بۆ هەر جۆرێک نمونەی شیعری دەهێنینەوە:

### ٢-١: دەقئاوێزانی خودی:

ئەم جۆرە دەقئاوێزانە، کاتێک ڕودەدات، کە نوسەر یاخود شاعیر لە دەقی ئێستا یان پێشتری خۆی چەند وشە و دەستەواژەیەک، یان بیر و ئایدیایەک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی، بەپێی یەکێک لە یاساکانی دەقئاوێزان لێ بەرهەمدێنێت، وەک (جوینەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ). واتە هەندێک دەق هەیە دەقی دیکە ڕادەکێشێت و دەیکات بە بناغە بۆ دروستکردنی دەقی تازە (محمود: ٢٠١٢: ١٠٠). بەواتایەکی تر، کۆی ئەو بارودۆخ و لایەنە لێکچوانە دەگرێتەوە، کە لە چەند دەقێکی نوسەرێکدا بەدی دەکرێن، کە وەکو دەقئاوێزانی خودی ئەژمار دەکرێت.
بۆ نمونە (قوبادی جەلیزادە) لەم دەقەدا دەڵێت:

**زەوی و بەفر، ژن و مێردێکی ناشەرعین**
**کەدا ئەکات.**
**زەوی ڕوت ڕوت**
**لەسەر گازەرە ڕا ئەکشێت**
**کاتێ بەفر دەگاتە لوتکەی ڕەحەت بون**
**ڕەحمی پڕ دەکا لە ڕوبار**
**ئەوان ساڵانە بەتەنیا**
**هەر منداڵێک دەخەنەوە**
**ناوی ئەو کۆرپە چاو ڕەشەش دەنێن، بەهار**

**هێندێ جاریش، کوڕێکی لاساریان دەبێ**

**ئێمە ناومان ناوە، لافاو** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٥٩)

هەر خودی شاعیر لە دەقێکی تر دا بەناوی (خاک) دەڵێت:

**من و تۆ، ژن و مێردین**
**لە هەمو وەرزەکانا ڕوت دەبینەوە**
**لە هەمو وەرزەکانا منداڵ دەخەینەوە**
**درەخت و خاک ژن و مێردن**
**بەڵام تەنیا**
**لە پایزا ڕوت دەبنەوە**
**تەنیا لە زستانێ جوت دەبن**
**تەنیا لە بەهارێ منداڵ دەخەنەوە**
**ئێمە ناوی کچەکانمان دەنێین، زین**
**ناوی کوڕەکانیشمان، مەم**
**کەچی ئەوان**
**ناوی کچەکانیان دەنێن گوڵ و**
**ناوی کوڕەکانیشیان، گەڵا** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ١١١-١١٢)

ئەم دو دەقەی شاعیر دەقئاوێزانیان لەگەڵ یەکتری دروستکردوە، بەپێی یاسای جوینەوە. هەروەها پەیامی دەقەکان زۆر لە یەکەوە نزیکە، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی هەردو دەقە باسی سروشت و سەرەتاکانی دەرکەوتنی وەرزی بەهار دەکەن. چۆنیەتی ڕودانی ئەو هاوکێشانە ڕون دەکەنەوە، کە دەبنە هۆی هاتنی بەهار و پشکوتنی گوڵ و چرۆکردنی دار و دەرخت. هاوکات هەردو دەقەکە ئاستێکی بەرزی شعرییەتیان تێدایە بەوەی، کە چەندین پێوەری هونەرییان تێدا بەدیدەکرێت، هەر لە زمانی شیعرییەوە بگرە، هەتا هونەرەکانی خوازە و خواستن و ڕەمز و وێنەی شیعری، ئەم دو دەقە لێکچونێکی زۆرییان تێدا بەدیدەکرێت، بە شێوەیەک، کە دەقی دوەم بۆتە کۆپلە و دیلی دەقی یەکەم، شاعیر لە هەردو دەقەکەدا بە یەک نەفەس دەدوێت و قسە دەکات، ئەمەش دەقئاوێزانی خودی لە نێوان دەقەکاندا دروستکردوە.

## ٢-٢: دەقئاوێزانی مێژویی:

ئەمەش یەکێکە لە جۆرەکانی دەقئاوێزان، کە تێیدا شاعیر پەنا دەباتەبەر ڕوداوێکی مێژویی و دەیکاتە بنەما بۆ هۆنینەوەی دەقێکی ئەدەبی، جا ئەو ڕوداوە مێژویانە، جیهانی بن یاخود نەتەوەیی بن. بەڵام شاعیر ئەوە

ڕوداوە مێژوییانە بە شێوەیەک دەگێڕێتەوە، کە جیاواز بێت لەوەی مێژونوسێک دەیاننوسێتەوە، چونکە مێژونوس ئەرکی ئەوەیە بەپێی میتۆدێکی مێژویی ڕوداوەکان بە زنجیرە یەک لە دوای یەک تۆمار بکات. بەڵام ئەرکی شاعیر گێڕانەوەی مێژوە بەو جۆرەی، کە خۆی و سەردەمەکە دەیخوازێت. مەبەست لە مێژوش تەنیا وەرگرتنی ڕوداوەکان نییە، بەشێوەیەکی ئەبستراکت، بەڵکو چۆنیەتی سودوەرگرتنی شاعیرە لەو ڕوداوە مێژوییانە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ هەست و ئیحساستی تایبەتی خۆی و دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر. لەلایەکی دیکەوە لەم ڕێگەیەوە شاعیر دەتوانێت چەندین ڕوداوی مێژویی تۆمار بکات، کە لە دوا ڕۆژدا ببنە سەرچاوەیەکی باش بۆ مێژو، ئەمەش جۆرێکە لە بە مێژوکردنی ئەدەب؛ بۆیە دەبینین مێژو و ئەو ڕوداوانەی، کە ڕودەدەن سەرچاوە و چاوگی گرنگن بۆ شاعیر و نوسەران بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگەیەوە زیاتر جیهانی شیعرییان زەنگین بکەن. وەک ئاشکراشە مێژو بە سەرجەم ڕوداوەکانیەوە کاریگەری لەناو ئەدەبیاتدا بەگشتی و لە شیعردا بەتایبەتی زۆر لە مێژە دەرکەوتوە و پانتایەکی فراوانی داگیرکردوە. بۆ نمونە شاعیر لە دەقێکدا دەڵێت:

**شێلگیرانە بباریٚ بەفر**

**با دەستم نەگاتە نێوقەدی سپینداریک و نەپرسم،**

**بەژنی کامیان بڵندترە،**

**دیواری بەرلین**

**یا**

**دیواری دێگەڵە** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٢٤٥).

ئەم دەقە شیعرە دەقئاوێزان دروست دەکات لەگەڵ ڕوداوێکی مێژویی جیهانی، بەپێی یاسای گفتوگۆ، کە ڕوداوی مێژویی دروستکردنی دیواری بەرلینە، کاتێک لە ساڵی (١٩٤٧)دا دوای جەنگی دوەمی جیهانی ئەڵمانیای نازی بە دۆڕاوی شەڕ لە نێوان براوەکانی جەنگدا دابەشکرا. شاری بەرلین کرا دو بەش، بەشی ڕۆژهەڵات سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بەشی ڕۆژئاوا سەر بە وڵاتانی ڕۆژئاوا بو. ئەمەش بوە هۆی دروستبونی دو دەوڵەتی ئەڵمانی لەناو یەک وڵاتدا. دوای ئەوەی هەزاران کەس بەهۆی برسیەتی و بێکاری، نەبونی دادی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کۆچیان بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کرد. (نیکیتا خرشچۆڤ) بۆ کۆتایی هێنان بە کۆچی هاوڵاتییان، ڕێگریکردن لەم دیاردەیە، بڕیاریدا دیوارێک لە نێوان هەردو بەشی ئەڵمانیا دروستبکات. ئەوەبو لەساڵی (١٩٦١)دا دەست بە دروستکردنی دیوارەکە کرا و لەساڵی (١٩٧٥)دا تەواوبو، کە بەرزی دیوارەکە (٣.٥) سێ مەتر و نیو بو.

دواتر بە ئیرادەیی گەلی ئەڵمانیا، کە خواستیان بو هەردو بەشەکە یەکبگرێتەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکگرتو دروستبکەن، ئەوەبو لەساڵی (١٩٨٩)دا دیوارەکەیان ڕوخاند. ئەمەش بوە هۆی یەکگرتنەوەی هەردو بەشی ئەڵمانیا و دوبارە خەونی ئەڵمانیاییەکی یەکگرتویان هێنایەوە دی. ئەم ڕوداوە لە مێژودا بایەخێکی زۆری هەیە، بەتایبەت بۆ ئەڵمانییەکان، تا ئێستاش ساڵانە بە پیرۆزی یادی دەکەنەوە. قوباد سودی لەم ڕوداوە وەرگرتوە کردویەتە پاشخانێک بۆ دەقێکی ئەدەبی تازە. هاوکات شاعیر هەر لەم دەقدا ئاماژەی بە سنوری

دیگەڵە کردوە و چواندویەتی بە دیواری بەرلین، کە لە دوای شەڕی براکوژی لە نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) لە نێوان ساڵانی (١٩٩٤– ١٩٩٧) ڕویدا، باشوری کوردستان دابەش بو بەسەر دو زۆندا (زۆنی سەوز و زۆنی زەرد) کە تائێستا ئەم سنورە بونی هەیە، جۆرێک لە دابڕانی لەناو خەڵک لە ڕوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە دروست کردوە؛ بۆیە شاعیر هاتوە بە شێوەیەکی ئاگاییانە سودی لەم ڕوداوە مێژوییانە وەرگرتوە و کردونییەتە بنەما بۆ چنینی ئەم دەقە شیعرییە و دەقئاوێزانی مێژویی لێ دروستکردوە.

(قوبادی جەلیزادە) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە شیعرەکانیدا زۆر سودی لە ڕوداوی مێژویی نەتەوەیی کورد وەرگرتوە، لەلایەک بۆ زیاتر بەرەودان بە ڕەوتی شیعری خۆی و داهێنانی دەقی ئەدەبی زیندو و کاریگەر، لەلایەکی دیکەوە ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە ڕوداوە مێژوییەکان تۆمار بکات و لە فەوتان بیان پارێزێت، چونکە شاعیر وەکو تاکێک لەناو کۆمەڵگادا، بە ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆی زانیوە، کە ئازار و مەینەتییەکانی میللەتەکەی لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا بهۆنێتەوە، بەتایبەت ئەو ڕوداو و کارەساتانەی، کە لە ناخەوە ڕایان چڵکاندوە و کاریگەری زۆریان لەسەر هەست و نەستی شاعیر بەجێهێشتوە، بە دیاریکراوی کارەساتێکی وەک ئەنفال، کە لەساڵی (١٩٨٨)دا ڕژێمی بەعس دەرحەق بە نەتەوەیی کورد ئەنجامیدا. ئەم ڕوداوە ڕوبەرێکی دیاری لە دو توێی شیعری شاعیر داگیرکردوە.

هەروەک لەم شیعرە دا دەڵێت:

**لەعەر عەرەوە قسە دەکەم**

**لە ژێر زەمینێکی بێ پەنجەرەوە**

**لە برینێکی بێ تخوبەوە**

**لە گۆڕستانێکی بێ گۆڕەوە**

**عەرعەر**

**کوژانەوەی سەدو هەشتاو دو هەزار مۆمە**

**لەم ئێوارەیەکی نەورۆزدا**

**وشککردنەوەی سەدو هەشتاو دو هەزار**

**پەپولەیە** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٤٤١).

ئەم دەقە دەقئاوێزانی لەگەڵ کارەساتێکی گەورە لە مێژویی نەتەوەکەماندا دروستکردوە، بەپێی یاسای هەڵمژین، ئەویش کارەساتی ئەنفالە، کە یەکێکە لە کارەساتە هەرە گەورەکانی مێژویی ئێمە، کە تێیدا سەدو هەشتا و دو هەزار کەسی سڤیل و بێ تاوان بە دەستی ڕژێمی فاشستی (سەدام حسێن) شەهیدبون و بونە قوربانی، کە تا ئێستاش ئازارەکەی هەر بەسۆیە و لە یادەوەری تاکی کورد دا ماوەتەوە؛ بۆیە شاعیر بە ئاگاییەوە ئەم کارەساتەی ئاوێزانی دەقەکەی کردوە و هێماکان و دالەکانی ئەم کارەساتە لە پانتایی مێژوییەوە کۆچیان بۆ ناو دەقە شیعرییەکەی شاعیر پێکراوە.

## ٢-٣: دەقئاوێزان لەگەڵ کەلتوری نەتەوەییدا:

کەلتوری نەتەوەییمان بە هەمو جۆرەکانیەوە، وەک (داستانی دڵداری و قارەمانی، پەندی پێشینان، لاوک و حەیران، گۆرانی، هۆرە و بەستە...هتد) یەکێکە لەو سەرچاوە بەنرخانەی، کە شاعیر و نوسەرانی کورد هەمیشە سودیان لێ بینیوە، بۆوەتە پاشخانێکی هزری باش بۆیان. (قوباد جەلیزادە) لەناو شاعیرانی هاوچەرخی کورددا، سودێکی زۆری لە کەلتوری نەتەوەیی وەرگرتوە، بۆتە سەرچاوە و ئیلهامێکی باش بۆ چنینی شیعرەکانی، ئەمەش لای خوێنەری شیعرەکانی (قوباد) ئاساییە، چونکە شاعیر بەتوانا و کارامەیی خۆی هەوڵیداوە بەسودوەرگرتن لە سەرمایەی ئەدەبی فۆلکلۆری و میللی، جیهانی شیعری خۆی زیاتر دەوڵەمەند بکات؛ بۆیە هەمیشە پاشخانی ڕۆشنبیری و مەعریفی شاعیر ڕۆڵی گرنگ لە دەستنیشانکردن و دیاریکردنی جۆرەکانی دەقئاوێزان دەبینێت، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، شاعیر بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا و ئاگاییانە زۆرێک لەو سەرمایییە فۆلکلۆرییەی ئاوێزانی شیعرەکانی کردوە، جا پرۆسەی ئاوێزانبونەکە بەشی بێت یاخود سەرتاسەری و گشتی بێت، وەک ئەوەی لەم دەقانەی خوارەوە دا دەردەکەوێت.

### ٢-٣-١ پەندی پێشینان:

بۆ نمونە شاعیر لە شیعری (خیانەت) دا دەڵێت:

**ئەستێرەیەک،**
**بە چرپە بە هاورێکانی گوت؛**
**با**
**مانگ بخەینە خوارەوە!**
**مانگ،= بۆ داگیرکردنی ئاسمان =**
**کەوا سوری بەر لەشکری مرۆڤە!**
**مانگ ئەبو ریخالێکی ترە!!!** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٤٧٠).

ئەم دەقەی شاعیر دەقئاوێزانی لەگەڵ پەندێکی پێشینانی کوردەوارییدا کردوە، بەپێی یاسای گفتوگۆ، کە ئەویش (کەوا سوری بەر لەشکر)ە، شاعیر بە مەبەست و ئاگاییەوە ئەم پەندەی پەلکێشی ناو دەقە شیعرییەکەی کردوە و کردویەتە بە بنەمایەک بۆ هۆنینەوەی دەقەکەی، کە ئەم پەندە مۆرکێکی تەواو نەتەوەیی پێوەدیارە و لە ناو خەیاڵدانی تاکی کوردا شوێنێکی داگیرکردوە و خەڵک لە وتە و کاروباری ڕۆژانەیاندا، وەک ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی بەکاری دەهێنن. بۆنمونە لە هەڵوێستێکی وەکو ئەوەی لە دەقەکەدا هەیە، کاتێک، کەسێک دەیهەوێت دەست پێشخەری بکات بۆ کارێکی خراپ یاخود باش، ئەوە پێی دەڵێن (مەبە کەوا سوری بەر لەشکر) و ئەوە کاری تۆ نییە؛ بۆیە ئەم پەندە تەواو لەگەڵ هەڵوێست و وێنەی تەواوی دەقەکە دا گونجاوە و خزمەتی تەوەرەی سەرەکی بابەتەکەی کردوە.

### ٢-٣-٢: داستانی دڵداری:

شاعیر لە کۆپلەیەک لە شیعری بۆ (سامی عەودالی زیندو) دەڵێت:

**سیامەند.. هەر جارێ هەڵدێرا تۆ دەیان جار**

**فەرهاد.. بێستونێکی کون کرد**

**تۆ هەزاران!**

**عەودالێ بویت و**

**عەودالی خۆر و لوتکەی بوی**

**بەهەورازی کولەمەرگی هەڵگژایت و**

**نانی گەرم**

**پەنجەکانی داغ نەکردی** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٧٣٢).

لەم دەقەدا قوباد بە پێی یاسای گفتوگۆ دەقئاوێزانی لەگەڵ دو داستانی دڵداری دروستکردوە، ئەوانیش داستانی دڵداری (خەج و سیامەند، شیرین و فەرهاد)ن، شاعیر بە مەبەستەوە ئەم دو ڕەمزە دڵدارییەی خزاندونەتە ناو دەقە شیعرییەکەی، کە هەردو داستانەکە، پانتایەکی فراوانیان لە ناو ئەدەبیاتی نەتەوەیمان دا داگیرکردوە، کە هەریەکەیان لە پێناو مەعشوقەکەیدا بەشێوەیەکی تراژیدی گیانیان بەختکردوە، شاعیر لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە ژیانە تراژیدیەکەی (سامی عەودالی) چواندوە بەژیانی پاڵەوانی هەردو داستانە دڵدارییەکە.

### ٢-٣-٣: دەقئاوێزان لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆریدا:

شاعیر گۆرانی فۆلکلۆری لە چەندین دەقدا بەکارهێناوە، بۆ نمونە لە پارچەیەک لە شیعری (درونە)دا، دەڵێت:

**(هەدرونە..درونە..ڕونە**

**دەسکی داسێم بە ڕونە..)**

**برسیمانە و**

**لە نانی ئەم کێڵگە ناخۆین**

**خەرمانانی هەمو ساڵێک..**

**سەپانەکان،**

**بە داسەکەو قەیناغەوە**

**لە تخوبی، مەزاری گوڵەگەنمی شەنگا**

**دادەمێنن** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٧٠١).

دەقئاوێزان لەم دەقەدا پارچەییە (جوزئییە). واتە شاعیر پارچەیەک لە گۆرانی فۆلکلۆری هەرەوەزی دروێنەی کوردەواری وەرگرتوە و دەقئاوێزانی لەگەڵ دروستکردوە بەپێی یاسای هەڵمژین. بەجۆرێک ئەم گۆرانییە بۆتە بناغەی دروستبونی دەقێکی تازە. لەلایەکی دیکەوە (قوبادی جەلیزادە) بە مەبەست ئەم گۆرانییەی ڕاگواستوە بۆ ناو دەقەکەی و دەیەوێت لە پەنجەرەی ئەم گۆرانییەوە باس لە نەهامەتییەکانی ژیانی جوتیار و پاڵ و ڕەنجبەران کورد بکات، کە لەسایەی سیستەمی دەرەبەگایەتی نەیانتوانیوە بەری ڕەنج و ماندوبونی خۆیان بخۆن. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نادادی کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەو سیستەمە، کە لە کۆنەوە تا ئێستاش کۆمەڵگای

کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنێت. بەڵام لە ئێستادا بە شێوە و فۆرمی جیاواز لەناو بەرگی سیاسەتدا فۆرمەلە دەکات. بەشێوەیەک سیاسەت ڕەهەندێکی چینایەتی لەناو کۆمەڵگەدا وەرگرتوە، هەرچی نادادی کۆمەڵایەتی و ئابوری هەیە، وەک دومەڵی پیس لە هەناوی سیاسەتدا لەدایک دەبن، بەتایبەت لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا و بەدیاریکراوی لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا، سیاسەت بۆتە مۆتیڤێکی کاریگەر لە دروستکردنی چینایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، کە لەم ڕێگەیەوە، چینی عەوامی کۆمەڵگە قوربانیدەری یەکەمن و ناتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە مافی ئابوری و بەری ڕەنجی خۆیان مومارەسە بکەن، بەڵکو ئەوەی مافی شەرعی خۆیانە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، وەکو بەخشش و پیاوەتی پێیان دەفرۆشرێتەوە.

### ٢-٤: دەقئاوێزان لەگەڵ شیعری شاعیرانی کورد دا:

دیوێکی تر لە جۆرەکانی دەقئاوێزان لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە) دا، دەقئاوێزانە لەگەڵ شیعری شاعیراندا، کە شاعیر هەوڵیداوە بە سود وەرگرتن لە شیعری شاعیرانی کورد بەرهەمی شیعری خۆی هەروەتر بەرێت. ئەمەش لە ڕێگەی ئاوێزانکردنی شیعری خۆی لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیکە دا، کە ئەم هەوڵ و تەقەلایەش بۆ سەرجەم شاعیرانیتر ڕاستە، نەک تەنها (قوباد)، چونکە دەقی ئەدەبی باڵا پێشئەوەی هەڵگری مۆرکی خودی شاعیر بێت، ئاوێنەی باڵانمای کۆی مەعریفە و کەلتوری مرۆڤایەتییە؛ بەم پێیە دەقی ئەدەبی بەرز هەڵگری ئەدگار و فۆرمێکی مرۆڤایەتییە، نەک خودی، کە ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ چەمک و ماهیەتی دەقئاوێزان، چونکە "بە پێی چەمکی دەقئاوێزان تەنها خودی شاعیر خاوەنی دەقی ئەدەبی نییە، بەڵکۆ کۆی کەلتوری مرۆڤایەتی تێیدا بەشدارە، بەڵام بە شێوەی جیاواز" (بەرزنجی ٢٠٢٠: ١٨٧)؛ بۆیە دەقی ئەدەبی نوێنەرایەتی هزر و کەلتوری مرۆڤایەتی دەکات. ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە هەتا زیاتر لە دەقی ئەدەبی بکۆڵرێتەوە واتایی زیاتر بە دەستەوە دەدات، چونکە لەم نێوەندەدا ڕۆشنبیری خوێنەر ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت و دەق زیاتر دەوڵەمەند دەکات و واتایی جیاوازی پێدەبەخشێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیر شیعرەکانی شاعیر بکەین، دەبینین لەم ڕوە نمونەی شیعری لە دەقەکانیدا بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا ئێمە دەقێکی بە نمونە وەردەگرین، کە لەگەڵ شیعری (پایز)ی گۆراندا دەقئاوێزانی دروستکردوە.

بۆ نمونە قوباد لە شیعری (بارانی زێڕ) دا دەڵێت:

**پایز،**
**لە جامخانەی زێڕینگەرانەوە**
**هەڵدەکات**
**نێو قەدی دارستانەکان،**
**ڕادەوەشێنێ**
**دنیا دەکات**
**بەیەک پارچە ئاڵتون!**
**پایز،**

**چۆلەکەیەکی گەردەن زەردە**

**لە ناو دەستی ئاڵتونچیانەوە**

**هەڵدەفرێت.**

(گۆران)ی شاعیر لە پارچەی کۆتایی شیعری (پایز) دا دەڵێت:

**پایز! پایز!**

**شان و مل ڕوت**

**من مات، تۆ زیز**

**هەردوکمان جوت**

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین**

**ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین،**

**پۆلی باڵدار ئەفڕی بگرین،**

**بگرین.. بگرین.. چاومان نەسرین،**

**هەرگیز، هەرگیز،**

**پایز! پایز!** (گۆران، ١٣٨٩: ١٣٥)

بە سەرنجدان و وردەبونەوە لەم دەقانەدا، دەبینین دەقەکەی (قوبادی جەلیزادە) بە پێی یاسای هەڵمژین دەقئاوێزانی لەگەڵ دەقەکەی (گۆران) دا دروستکردوە. بەو پێیەی شاعیر سودی لە دەقەکەی (گۆران) بینیوە و لەناو دەقەکەی خۆیدا تواندویەتەوە. چەند دالێکی لە دەقی پایزی (گۆران) وەرگرتوە و کردونییەتە کەرەستە و بنەمای دەقەکەی، بۆ نمونە (قوباد) لە شیعرەکەیدا وەسفی پایز دەکات و دەڵێت: (پایز دنیا دەکات بە یەک پارچە ئاڵتون) لەوە دا شاعیر مەبەستی لە هەڵوەرینی گەڵای زەردی پایزە، کە بە ئاڵتونیان دەچوێنێت. بە هەمان شێوە (گۆران)یش لە دەقەکەیدا دەڵێت: (ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین)، کە ئەمەیش هەمان مەبەست و پەیام ڕادەگەیەنێت، کە مەبەستی لە هەڵوەرین و خەزانی پایزە. لێرەدا (قوبادی جەلیزادە) ئەم دالەی لە شیعری (گۆران) وەرگرتوە، لە دەقەیدا تواندویەتەوە. هەروەها (قوباد)بەردەوام دەبێت لە دەقەکەیدا باس لە فڕینی چۆلەکەکان دەکات، کە ئەمەش دالێکی ترە لە شیعرەکەی (گۆران)ی ڕاگواستوە بۆ ناو شیعرەکەی خۆی، چونکە گۆرانیش لە دەقەکەیدا باسی فڕینی پۆلی باڵدار دەکات. لە کۆتاییدا شاعیر بە هەمان شێوەی (گۆران) باسی ڕوتبونەوەی شان و ملی دار و دەوەن دەکات، کە بەپێی سوڕێکی گەردونی لە وەرزی پایزەدا ئەم وەرچەرخانە بەسەر سروشت و دار و دەوەن دادێت؛ بۆیە خوێنەر کاتێک ئەم دو دەقە دەخوێنێتەوە بە زوی هەست بە لێکچون لە نێوانیاندا دەکات، چونکە ئەم دو دەقە با ئاگایی بێت یاخود نائاگایی پرۆسەی توانەوە لە نێوانیاندا ڕویداوە و خاڵی هاوبەشییان زۆرە، تارادەیەکی باش پەیامەکەیان لە یەکەوە نزیکە، بە جۆرێک هەردوکیان مانڤێستی گۆڕانی وەرزی پایز بەیان دەکەن.

### ٢-٥: دەقئاوێزانی ئایینی:

ئاشکرایە ئایین، وەک پێویستیەکی ڕوحی چ لە ئێستا و لە ڕابردودا، ئامادەییەکی زۆری لە نێو خەیاڵدانی تاک لە کۆمەڵگە دا هەیە، چونکە بەشێکی دانەبڕاوە لە کەلتوری کۆمەڵگە، لە زۆربەی کایەکانی ژیانی مرۆڤدا ئامادەگی هەیە. ئەدەبیش وەک کایەکی دیاری ناو کۆمەڵگە لە ئایین بێ بەش نەبوە. بەردەوام ئایین لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبییدا خۆی فۆرمەلە کردوە. لە ڕوانگەی ئەو گرنگییەی، کە ئایین لە ژیانی تاکدا هەیەتی بە سەرنجدان لە شیعرەکانی شاعیر، دەبینین جۆرێکی دیکە لە دەقئاوێزان و بە یەکداچونی دەقە شیعرییەکانی (قوباد) لەگەڵ ڕۆشنبیری ئایینی دایە. بە تایبەتی قورئانی پیرۆز، چونکە ڕێژەیی بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان لە دەقەکانیدا لە چاو کتێبە ئاسمانییەکانی دیکە زیاترە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر وەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، کە ڕێژەیی زۆرینەی مسوڵمانە، زیاتر کاریگەری ئاینی ئیسلام بە شیعرەکانییەوە دیارە، بە بەراورد بە ئایینەکانی دیکە. جگەلەوەی (قوبادی جەلیزادە) خۆیشی ڕۆشنبیرییەکی فراوانی ئایینی هەیە و شیعرەکانی گەواهیدەری ئەوەن و ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. هەروەها جۆری دەقئاوێزانەکانی لە شیعرەکانی شاعیردا مەبەستدارە، چونکە شاعیر بە مەبەست و ئاگاییەوە دالێک یان شتێکی لە ئایین وەرگرتوە و ڕای گواستوە بۆ ناو دەقەکانی و دەقئاوێزانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵدا دروستکردون، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی پەیامەکانی لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر کاریگەرتر بێت و سنور و پانتایی شیعری خۆی بەرەو لوتکە بەرێت.

بۆ نمونە قوباد لە پارچەیەک لە شیعری (حاجییەکان بێرەدا ڕەت دەبن) دەڵێت:

**لە عەرعەرەوە قسە دەکەم**

**لە عەرعەرەوە**

**بستێک لە ئەشکەوتی حەرائەوە دور**

**گوێم لە شەققەی شاباڵەکانی جبریلە**

**پۆل پۆل مەخلوقاتی عەجیب،**

**بە لکە خورمای ((اقرآ))وە دێنە دەرا!** (جەلیزادە، ٢٠٠٥: ٤٤٦)

ئەم دەقە شیعرەی شاعیر بە پێی یاسای هەڵمژین دەقئاوێزانی لەگەڵ ڕوداوێکی گرنگی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا دروستکردوە. دالەکانی لە پانتایی ئایینی ئیسلامەوە گواستۆتەوە بۆ ناو دەقەکەی، کە هەریەک لەم دال و هێمایانە پاشخانێکی ئاینییان لە پشتە. قوباد بە مەبەست و ئاگاییەوە، ئەم بەیەکداچونەی لە شیعرەکەیدا کردوە، چونکە ئەم دالانە هەریەکەیان مانا و مەغزایی خۆیان لە ئایینی ئیسلامدا هەیە. بۆ نمونە کاتێک شاعیر باسی (ئەشکەوتی حەرا) دەکات، ئاشکرایە ناوی ئەم ئەشکەوتە لە نێو خەیاڵدانی سەرجەم مسوڵمانان ئامادەگی هەیە. کە ئەو ئەشکەوتە بو، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان لە دروستکراوەکانی گەردون و مەخلوق بەر لە بونی بە پێغەمبەر ڕۆژانە چەند کاتژمێرێک کاتەکانی تێدا بەڕێدەکرد، هەر لەم ئەشکەوتەشدا پەیامی ئیسلامی لەلایەن یازدانی باڵادەستەوە بۆ دابەزی. هەروەها ئەم شوێنە لە کلتوری ئیسلامدا شوێنێکی پیرۆزە و

مسوڵمانان بە پیرۆزییەوە سەیری دەکەن. شاعیر هەر لەم دەقەدا ئاماژە بە ناوی (جبریل) دەدات، کە فریشتەیەکی خوایە و پەیکی حەقی لە خواوە بۆ پێغەمبەران هێناوە. هاوکات لە دەقەکەدا ئاماژە وشەی (اقرآ) دەکات، کە یەکەم ئایەتی قورئانی پیرۆز بو بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دابەزی، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (العلق) لە ئایەتی (١-٥) دەفەرموێت: "اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (1) خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ (2) اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ (3)الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ (4) عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ (5) "؛ بۆیە ئەم دەقەی شاعیر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاگایانە دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەم سورەتدا دروستکردوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- قوبادی جەلیزادە سودی لە ڕوداوە مێژوییە جیهانی و نەتەوەییەکان وەرگرتوە. لەگەڵ دەقەکانیدا ئاوێزانی کردون، بەڵام وەک ڕوداوێکی ئەبستراکت مامەڵەی لەگەڵدا نەکردون، بەڵکو شاعیر توانیویەتی ڕوداوەکان لەگەڵ هەست و ئیحساستی تایبەتی خۆی تێکەڵ بکات، لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لسەر خوێنەر دروستکردوە. لەلایەکی دیکەوە شاعیر چەندین ڕوداوی مێژوی تۆمار کردوە، کە لە دوا ڕۆژدا دەبنە سەرچاوە و پاشخانێکی باش بۆ مێژوی نەتەوەیی.

٢- کەلتوری نەتەوەیی بەتایبەتی (پەندی پێشینان، داستانی دڵداری، گۆرانی فۆلکلۆری) بونەتە سەرچاوە و ئیلهامێکی باش بۆ پاشخانی ڕۆشنبیری شاعیر، کە بە شێوەیەکی ئاگایانە زۆرێک لەو سەرمایە فۆلکلۆرییەی ئاوێزانی دەقە شیعرەکانی کردوە. لە ڕویەکەوە گەواهیدەری زیرەکی و ئاگایی شاعیرە لە بابەت کەلتوری نەتەوەییمانەوە، لەلایەکی دیکەوە توانیویەتی لە ڕێگەی دەقەکانییەوە ئەم سەرمایە نەتەوەییە بە زیندو بهێڵێتەوە.

٣- قوباد لە ڕوانگەی ئەوەی، کە دەقی ئەدەبی خاوەنی فۆرم و ئەدگارێکی مرۆڤایەتییە نەک خاوەنەکەی، توانیویەتی سود لە شیعری شاعیرانی تر وەربگرێت، لەم سۆنگەیەوە سودی لە شیعری (پایز)ی گۆران وەرگرتوە، دەقێکی جوانی لێ دروستکردوە، توانیویەتی بە شێوەیەکی هونەری جوان دال و ئایکۆنەکانی بۆ ناو دەقەکەی خۆی کۆچ پێبکات.

٤- دەقە شیعرییەکانی (قوباد) زیاتر لە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدان بە تایبەتی قورئانی پیرۆز، بە بەراورد بە ئایین و کتێبە ئاسمانییەکانی دیکە. جۆری دەقئاوێزانەکانیشی مەبەستدارە. شاعیر بە مەبەست و ئاگاییەوە دالێک، یاخود شتێکی لە پانتایی ئایینەوە وەرگرتوە و ڕای گواستوە بۆ ناو دەقەکانی لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی کاریگەری زیاتر لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر دروست بکات.

# Intertextuality in Qubadi Jalizadah's Poetic Texts

**Ibrahim Mohammed Ibrahim[1] - Zanyar Ziad Ibrahim[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of Basic Education- University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This research is in titled (Intertextuality in Qubadi Jalizadah's Poetic Texts) it’s an attempt to introduce concepts, terms, and the significance of Intertextuality in literary texts. Therefore, intertextuality is an obvious feature of a text. Thus, no text is a separate and independent realm, except the other texts. However, every text is in dialectical contact with other texts. On the other hand, it opens doors towards dialogic among texts. In the meantime, intertextuality displays the level of awareness and creativity of the writer, and to what extent they have an intellectual, cultural, and philosophical background. The aim of this research is to show and identify the types of intertextualities in the poet's poems, in accordance with the applicable Mechanism and regulations of intertextuality, including "quotation, borrowing, and dialogic". In this study, a descriptive-analysis method has been followed. The results of the study show that the poet has benefited greatly from global and national thought and culture. From this standpoint, many types of intertextualities can be noticed in his poems, in the form of textual images (self, historical, cultural, poems of other poets, and religious) in a way that he has been able to rewrite new and vivid poetic texts and take the world of his poems further forward.

**Keywords**: Intertextuality, Literary Text, Intertextuality Rules, Intertextuality Types.

## سەرچاوەکان

ئەڵوەنی، نەجم خالید (٢٠١٢) جۆرەکانی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، دەزگای کەمال، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای تاران.

بارت، ڕۆلان (٢٠١١) خۆشی دەق، و: د. محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

بایز، هەڵمەت (٢٠١٣) دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا)ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، دەزگای شەهاب، هەولێر.

بەرزنجی، علی تاهیر (٢٠٢٠) ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، دەزگای ئێڤا بۆ چاپ و ڕیکلام.

گۆران، عەبدوڵلا (١٣٨٩) دیوانی گۆران، سەرجەم شیعرەکانی (عەبدوڵلا گۆران) کۆکردنەوە و پێشەکی محمدی مەلا کەریم، چاپی چوارەم، دەزگای دالاهۆ، تاران.

جەلیزادە، قوبادی (٢٠٠٥) دیوانی شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات، چاپی یەکەم، دەزگای تیشک.

شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٤) بەراوردی ئەدەبی (تیۆری و پراکتیکی)، چاپی یەکەم، دەزگای زانکۆیی سەلاحەددین، هەولێر.

محمود، شنۆ محەمەد (٢٠١٢) دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردییدا بە نمونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، دەزگای بینایی، سلێمانی.

عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٩) دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی گۆراندا، توێژینەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستەمرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٥٩).

عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٩) دەقئاوێزانی شێوازیی (هێمن، گۆران، قانع، هەردی) لە (ملوانکەی شین)ی شەریف حسێن دا، توێژینەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) زانستەمرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٦٠).

محمد، ئەنوەر قادر (٢٠٠٦) دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی (١٢٠٧– ١٢٧٣) و مەولەوی تاوەگۆزی (١٨٠٦– ١٨٨٢)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (١٨).

عزام، محمد (٢٠٠١) النص الغائب (تجليات التناص في الشعر العربي)، الطبعة الأولى، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.

مناصره، عزالدين (٢٠٠٦) علم التناص المقارن، دار مجد الاول لنشر، عمان، اردن.

الزعبي، احمد (١٩٩٥) التناص نظريا و تطبيقا، مكتبه الكتابي، اربد.

الغذامي، عبدالله (١٩٩٨) الخطيئة والتفكير من البنيوية الى التشريحية، الطبعة الرابعة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، دمشق.

بييفى، ناتالي- غروس (٢٠١٢) مدخل الى التناص، ترجمة: عبدالحميد بورايو، دار النينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سورية- دمشق.

الزواهره، ظاهر محمد (٢٠١٣) التناص في الشعر العربي المعاصر، التناص الديني نموذجا، الطبعة الاولى، دار و مكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان.

لمرتجى، انور (١٩٨٧) سيمائية النص الادبي، دار البيضاء، المغريب.

بغدادى، بهرام (١٣٧٨) فرهنگ اصطلاحات نقد ادبى از افلاطون تا عصر حاضر، چاپ اول، انتشارات فكر روز، تهران.